(زۆر بیخوێنن -لە کاتی نزاکردندا- : (یاذا الجلال والإكرام

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «زۆر بیخوێنن (ودووبارەی بکەنەوە) -لە کاتی نزا کردندا-: (یاذا الجلال والإكرام)*». *(ئەی خاوەندارى شکۆدارى وبەخشندەیی-ڕێزلێنان-)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا دووپاتکراوە لە سەر بەردەوام بوون وزۆر ووتنی ئەم دەستەواژەیە لە کاتی نزا کردندا: (یاذا الجلال والإكرام)*، مەبەست ئەوەیە کە بەردەوام بن لە خوێندنی لە کاتی نزاکانتاندا وبا هەردەم لەسەر زمانتان بێت، چونکە ناوێک لە ناوەکانی خودایە، ووتراوە: مەزنترین ناوی خودایە: (ذا الجلال والإكرام)، چونکە هەموو سیفەتێکی پەروەردگارێتی وخودایەتی لەخۆگرتووە. *(ئەی خاوەندارى شکۆدارى وبەخشندەیی-ڕێزلێنان-)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3167

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee